# ٨ی مارس له ٢٤ کاتژمێردا

جەلال خۆشکەلام



ئیمە تەنها لە رۆژی ٨ی مارس دا، کە بەرۆژی جیهانی ژنان ناسراوە ماف و ئازادی و پێویستیەکانی ژنانمان وەبیر دێتەوەو ریزی لێ دەگرین . تەنها رۆژیك بۆ دوان و پیرۆزی بۆ ژنان بەس نیە، بەڵکو زەرورەت و ئازادی ژن، تەوەری باسێکی چڕو پڕ و هەوڵ و خەباتی رۆژانەی دەوێ کە بە دریژایی ساڵ، ئەم باسە لە دەرون و هەستی خۆمان دا شی بکەینەوە و لە سەری بدوێین. ئەم باسە دەبێ بەردەوام شیکاری بۆ بکرێ و بەکردەوەش هەنگاوی جدی و چارەنووس سازی بۆ هەڵبێ. هەر کەس لە لای خۆیەوە، لە ماڵی خۆیەوە پەیامی ئازادی و یەکسانی رابگەیەنێ، دەسەلات و حکومەت ناچار بکرێ تا کاری جدی و پڕ خزمت بە مەبەستی پێگەیاندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان و پێشکەوتوو بکات. لەبیرمان نەچێ، کە کێشەی ژن و نایەکسانی لەبەینی ژن و پیاو دا لە هەموو شوێن و گۆشەو کەنارێکی دنیادا هەبوە و هەیە، ئەمە بەو مانایە کە کێشەو نایەکسانیەکان هاوسەنگ و هاوواتانین لە میللەت و کۆمەڵگایەکەوە بۆ میللەت و کۆمەڵگایەکی تر، بەڵکو بەپێی قەوارەو پێشکەوتن و رادەی زانیاری گەلن ئەم باسە دەگۆڕێ. لەناو میللەتانی پێشکەوتن خوازدا باس لە یەکسانی کار و ئابووری ژنان دەکرێ و گرفتی رۆژانەی ئافرەتان باسی لێوە دەکرێ و چارەسەری بۆ دەدوزرێتەوە. لەوڵاتانی تریش دا، لە ناو میللەتانی تریش دا باس لە سەر هەندێ لەگرفت و مافی سادە دەکرێ، کە هەزاران لەمپەر و بەر بەستی بۆ دەدۆزنەوە و لە چوار چێوەی سۆز و وەفاو عاتیفەدا، ئەم گرفتە سەرکیە دەشارنەوە، کوردووتەنی عەشایرانە چارەسەری فەردی بۆ ئەم تەوەرە دەدۆزنەوە. لە دلسۆزی و وەفاداری و خۆ شەویستی ئافرت دەدوێن، تائافرەتان کاریان لە ماڵەوە بێت و، ئەرکیان پەروەردەکردن و بەرێوەبردنی کارەکانی ماڵ بێت. سۆزو وەفاداری رەگزی مێینە لەلای پیاوان بە دەرفەتێك سودی لێوەردەگیرێ بۆ هێشتنەوەو دەرنەکەوتنی ئافرەت لە دەرەوی خێزان دا، لە کار و ئەرکی کۆمەلایەتی ناو کۆمەڵگادا،لە پێگەو جێگەو ماف و داخوازیەکانیان دا. پێشکەوتن و ئازادی ئافرەتانیش بەدەرکەوتن و کارکردن و خۆدەرخستنیان لە ناو کۆمەڵگادا دێتە ئاراوە. ئەم عاتیف و سۆزە، ئەم جۆرە شیکردنەوە لە عاتیفەی ژنان لای پیاوان ئافرەتانی کۆیلەو بێ دەسەلات کردوە، ناچاری کردوە کە پەیوەست بێ بە کۆمەڵگای پیاو سالاری. بە چەشنێ کە پیاوان خۆیان دەبێ ماف و ئازادی ژنان دیاری کەن و رێگەو پێگەو سنووری مەودای تێکۆشانیان بۆ دیاری کەن. لەوەڵامی هەموو داخوازی و داواکاری و پشێلکاریە کی ئافرەتیانیش دا، یە کێك لە خاڵی خۆ پاراستنمان ئەوەیە کە بلێین، کێشەی ئافرەتان لە هەموو دنیادا هەیە، بەڵکو شتێك نیە کە تە نیا لێرەو لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەبێ. ئەمە چارەسەر نیە بۆ کێشەی ئافرەت. ماف و ئازادی ئافرەتان، لەگەڵ بەرەلایی بەراورد ناکرێ و جیاوازی زۆری هەیە. ژنان شتێکی زیاتر لە مافی یەکسانی و بەرابەری لە نێوان ژن و پیاودا داوا ناکەن. هەر ئەووە داوادەکەن ، هەر ئەوە دەخوازن کە بۆ پیاوان رەوایە و بۆ ئافرەتانیش نارەواو بقەیە. ئەگەریش بێت و ئافرەتێك باس لەم تەوەرە بکات، بە بێ ئەدەب و حەیا لە قەڵەم دەدرێت و جێگەوپێگەی دەکەوێتە بەر توانج و هێرش و....هتد، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایە پیاو بۆ دەبێ نەهێڵی ژنان هەمان ماف داوا بکەن کە خۆیان هەیانە؟ بۆ دەبێ ئەو هەمان ماف و داخوازیە کە ژنان باسی لێوە دەکەن لە گەڵ بەرەلایی تێکەل بکرێ؟

ژمارەیەك لە پیاوان هەمیشە بەگومانەوە لە ئافرەت و هەلسو کەوتەکانی دەروانن، پێ یان وایە کە لەماڵ دور کەوت و تێکەلاوی کاری ئیداری و سیاسی و کۆمەلایەتی ببێ، تووشی خراپەکارێ وسوکی دەبی. پێی یان وایە کە ئافرەت دەبێ هەمیشە چاودێری بکرێ و کونترۆڵ بکرێ بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێ. ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ بەرگری کردن لە بزوتنەوە و کەم ئەهمیەتی کێشەو مافی ئافرتان. تا لە ئەنجام دا ئافرەتانی لاواز و بێ دەسەلات دروست دەبن کە باوەڕیان بە خۆیان و داخوازی و ویستەکانی خۆیان لاواز دەبێ و پیاوانی هەمیشە برسی وچاوبرێش ئەو هەلە دەقۆزنەوە و ژن دەکەنە قوربانی. ژنان بەزۆر هەڵس وکەوتیان پێدەکرێ و لەسەر ویست و داخوازی پیاو دەجولێنەوە، فێری ئەو دەکرێن کەنا،نابێ نەخێر هەر گیز نەبیستن. بەزۆر بەشو دەدرێن، هاوسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە. ژنانێك نایەنە مەیدانەوە، کە لە بقەکان بدوێن و بەباوەڕێکی بەرزو پتەوەوە بێنە دەرەوی ماڵ ولەناو کۆمەڵگەدا بەدەنگی بەرز بدوێن. مەبەستم ئەوەنیە کە نین هەن بەلاّم کەمن، ئەوەشی کە هەیە جێگەیان نابێتەوە، قسەیان وەرناگیرێ، گوێیان لێ ناگیردرێ، وەك داخوازی کەمینەو چەند تاقم و گروپ چاویان لێدەکرێ. کۆمەڵگای کوردەواری ئێمە تاکو مافی ئافرەت وەکو زەروریەتی کاری ئەمڕۆ چاو لێنەکا، تاکو هەوڵی جدی بۆ وەدەسهێنانی مافی ئافرەت نەدا، هەرگیز پێشکەوتن و گەشە بە خۆیەوە نابینێ. بەڵکو لەچوار چێوەی بازنەیەکی داخراوی زەمانەدا خول دەخوا و لە کۆمەڵگای دەرکی وپێشکەوتن خواز بەدور دەبێ. کۆمەڵگا هەرگیز پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێ. کە ژن تووانا ودەسەلاّتی ئەوەی نەبێ کەبڵێ نا، نەخێر. ژن و مافەکانی دەبێ لە چوار چێوەی قسەو باسی عەیبە و نابێ دا بێتە دەرو بەرەو یەکسانی و بەرابەری بەروەو ڕوو بێ. دەبێ بیر لە میکانیزمی کارکردن و بەربەستکردنی تاوان و چەوسانەوەی ژنان بکرێتەوە. میکانیزمێك کەفکر و داخوازی کۆمەڵگەو لایەنی نێگەتیڤی داب و نەریتە چەسپاوەکانمان بگۆڕی. نابەرابەری و چەوسانەوەی ژنانیش تەنها لەکوشتن و ئازار دانی جنسی و بەزۆر بەشو دانیان دا بەرجەستە نابێتەوە، بەڵکو هەر جۆرە هەلسوکەوتێك دژی ژن سزاو پەروەردە وتێگەیاندنی دەوێ، تاکو ئافرەتان بە پشتیوانی کۆمەڵگەو دەسەلاّت بێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەوە. دەسەلاّت دەبێ بوێرانە رۆڵی لێ پرسینەوە و سزادانی یاسایی دیاری بکات و لەمافی ئافرەتان درێغی نەکات تاکو ئافرەتان بەپێی یاساو مافەکانیان بەرجەستە کەن و هەوڵ بدەن بۆ یەکسانی و ئازادیی ژن.

***

# راگەیێندراوی کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژن



خوشکان، هاونیشتمانان، برایانی بەرێز

لە رۆژی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان پیرۆزبایی لەهەموو ئەو تێکۆشەرانە دەکەین کە لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی ژنانی زولم لێکراو تێکۆشاون. خەبات لەپێناو گەیشتن بە مافی یەکسانی نێوان مرۆڤەکان ئەرکێکی قورس و پیرۆزە. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران هێزێکی پێشڕەو و نەتەوەییەو بە پێی توانای خۆی خەباتی کردوە بۆ ئازادی وبەرابەری ژنان و هەر لەرۆژەکانی سەرەتای دامەزراندنیەوە، پێراگەیشتن بە ویست و داوای ئافرەتان و دەربازبوون لە بۆتەی فەرهەنگی چەقبەستووی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا لەبەرنامەی کاری خۆیدا گونجاندوە.

بۆ بەرەوپێش بردن و کاراترکردنی ئافرەتان و جێگەو توانایان لە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەساڵی ١٣٨١ کۆچی خۆری کومیتەی ئافرەتانی دامەزراند. بەدامەزراندنی ئەو کومیتە رەوتی کاراتر بوونی ئافرەتانی شۆڕشگێر و ماندووی نەناس چووە قۆناغێکی دیکەی موبارزە و هەوڵ درا بۆ رۆشەنبیرکردنی ئەو هێزە خەباتکارە. کومیتەی ئافرەتان بە ئەزموون لەشۆڕشەکانی رابردووی خۆماڵیانە، کاری ژنانی تێکۆشەر و سیستمی پێشکەوتنخوازی و خەباتی نەتەوەیی خۆی دەباتە پێش و رێز لەهەموو ئەو بۆنانە دەگرێ کە تایبەتن بە خەبات و فیداکاری ئافرەتانی شۆڕشگێری کورد و ئێران و جیهان دەزانی و هەوڵی ئەوان لەپێناو رزگاری ژنانی کۆت و بەندکراو بەرز دەنرخێنێ و رێزدەگرێ لەخەباتی "کلارا زیتکین"ی دامەزرێنەری جوڵانەوەی شۆڕشگێری ژنان لەئەڵمان و هاورێبازانی ئەو خەباتکارە. رێز دەگرێ لەهەوڵی بێ ووچانی دیفاع لەمافی ژنان هەروەها رۆژی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان .

رۆژی ٨ی مارس دەگەرێتەوە بۆ دەستدرێژی پۆلیس بوسەر ژنانی کرێکاری ئەمریکا لەساڵی ١٩٧٥ یادێکی گەورەیە لەدیرۆکی هاتنە مەیدانی ژنان و هەوڵ و ماندووبوونی لایەنگرانی ئەو فمینیستانەی کە بەو روداوو و کارەساتە دوخی نالە باری ژنانیان بە دنیا ناساند. مێژووی پڕسەروەری ئەو ژنانە دوای نزیك بە سەدەونیوێکە بە گەرم و گوری یاد دەکرێتەوەرێزیان لێدەگیرێ. جوڵانەوەی مافخوازی ژنان لەماوەی ئەو ٣ دەیەی رابردوودا ئەگەرچی تووشی گەلێك کەندوکۆسپ بووە، بەڵام ئەو جوڵانەوە مافخوازانەیە لەگەڵ هەموو کەم و کوڕییەکانی و پرش و بڵاوی و بەربەستی حاکمانی ستەمکار بۆتە خەباتێکی هەمەلایەنە بە شێوەیێك کە دەنگی بەهەیبەتیان ترسی خستۆتە دلی ستەمکارانەوە. بەهۆی کارابوونی خەباتی ژنان، مافی کار، مافی دەنگدان، مافی مۆڵەت گرتن لەدەورانی دوو گیانی، ئەمنیەتی پیشە و ئازادییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیەکان لەزۆربەی وەڵاتانی رۆژئاوا تا رادەیێك وەدەست هاتووە. ماف گەلێك کە لەنیوەی سەدەی بیست و یەك دا لەبەشێك لەو چینانە بەتایبەت لەوەڵاتانی دوواکەتوو ژنان بە خەویش نەیانبینەوە. لەهێندێك لەکۆمەڵگاکان دا ژن وەك کاڵا چاوی لێدەکەن و بە هۆی پروپاگەندەی خراپ زەربەی گۆرجبڕ لەناسنامە و شوناسی کەسایەتی حەقیقی ژن کەوتووە. لەو وولاتانەش بزووتنەوەی ژنان لەحاڵی شکڵ گرتندایە و بۆ نەهیشتن و رەواندنەوەی کەندوکوسپ و جیاوازیەکانی کە بەرانبەریان دەکرێ. شان بەشانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گشتی بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیان و لەیەك هەڵوەشاندنی نیزامی دیکتاتۆری و مافپێشێلکەر هەنگاو بەهەنگاو دەچێتە پێشەوە. ئافرەتان لەئێران و کوردستان ئەگەرچی لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسی تا نزیك بە سەدەیەك بەر لەئێستا لەتاریکی دابوون، بەپێی داب و نەریتی ئەو رۆژگارە بە زەعیفە و بێ عەقڵ چاویان لێدەکردن و بەو پاشخانە فیکرییە موعامەلەیان لەگەڵ دەکردن، بەڵام بەسەرهەڵدانی شۆڕشە یەك لەدوایەکەکانی ناوچەکە و گەشەی شۆڕشی پیشەسازی لەو وەڵاتانە هەل ومەرجی ووشیاری ژنان تا رادەیێك گۆڕانی بەسەرداهات. هەر وەك دەبینین، ئیستا لە ئیران و کوردستان رەخنە دەگرن وبەشداری چالاکانەیان هەیە بۆگەیشتن بە خواست و داواکانیان و لەو پێناوەشدا تووشی کەندوکۆسپ دەبنەوە. لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە بەرانبەر رژیمی پاشایەتی لەساڵی ١٣٥٧ بەرهەمی تێکۆشانی پێکهاتە ئازادیخوازەکان بە لارێدا برا و یەکەم جوڵانەوەی ژنان لەتاران کەوتە بەر هێرشی وەحشیانەی پاسدار و بەکرێگیراوانی نیزامی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و لەکوردستانیش ئەو ئەزموونە تاڵە دووبارە بووە و بەهەموو هەنگاویکی ئافرەتان وئازادیخوازان رێگری لێ کرا. بەڵام ئەو کردەوەیەی رژیم نەك نەبووە هۆی کپ کردنی دەنگی مافخوازی ژنان بەڵکو رۆژ بەرۆژ پەرەی سەند و ژنانی تێکوشەر هاوشان لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی تاویان دایە خەباتی هەمەلایەنەی ئازادیخوازی و بناغەی شۆڕشێکیان دامەزراند کە تا سەرکەوتن رێگەکەی بەردەوام دەبێ.

کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە بەڵێن بە ژنانی ستەم لێکراوی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە درێژەدەری رێبازی شۆڕشگێرانەی ئافرەتان وگەلی کورد لە ئێران دەبی تاسەرکەوتنی یەکجاری. دووبارە پیرۆز بێ ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن

کومیتەی ئافرەتانی سازمانی
خەبات ی کوردستانی ئێران
٨ی مارسی ١٣٨٧